
چیرۆکی وەرگەڕاو



عـەزیز نەسـین

# مــامــە

و: زیوەر ئەنوەر

خــانمە بەڕێزەکــان... خــاتوونە گــەنج و زۆر بــەڕێزەکــان... ئــافــرەتــە جــوان و زۆر زۆر بەڕێزەکان... ئەگەر مۆڵەتم بدەن، چەند ئامۆژگارییەکم بۆ ئێوە هەیە، تکایە کاتێک لەگەڵ پیاو قسە دەکەن وریا بن، لەوانەیە ئەو وشانەی لە دەمی ئێوە دێتەدەر وەک چۆن برووسک لە لقی دارێکی وشک بدات، بەمجۆرە بەهێزترین پیاو بخاتە سەر زەوی!



خـانمـه بەڕێزەکـان... خـاتوونە گـەنج و زۆر بـەڕێزەکـان... ئافـرەتـە جـوان و زۆر زۆر بەڕێزەکان... ئەگەر مۆڵەتم بدەن، چەند ئامۆژگارییەکم بۆ ئێوە هەیە، تکایە کاتێک لەگەڵ پیاو قسە دەکەن وریا بن، لەوانەیە ئەو وشانەی لە دەمی ئێوە دێتەدەر وەک چۆن برووسک لە لقی دارێکی وشک بدات، بەمجۆرە بەهێزترین پیاو بخاتە سەر زەوی!

ئەوەی باسی دەکەم بەسەر "تەختەی بەڕێز!" دا هات، ئەم نازناوە بەو کەسانە دەگوترێ لە هەڵسوکەوتدا توند و وشکن، تاکە هاوڕێی قوتابخانەمە تا ئێستا بە گەنجی ماوەتەوە، بە روخسار دەڵێی لە هەموومان بچووکترە، کاتێک لە تەنیشت ئەودا بوەستین، (١٠) ساڵ گەورەتر دەبینرێین.

ئەو کەسەی تەماشای "تەختەی بەڕێز" ی بکردایە وای دەزانی تەمەنی لە سی و پێنج تێپەڕی نەکردووە، بۆ زانین تەمەنی نزیکی پەنجا ساڵە.

لەبەر بەژنی درێژی بەردەوام ترسی ئەوەی هەبوو سەری بە دیواری سەر دەرگە و بنمیچی ئوتۆمبیل بکەوێت، لەم شوێنانە بە دەگمەن ئەگینا بەردەوام سەری نزم دەکردەوە.

چەند جار سەری بە دیواری سەر دەرگە کەوتووە و لەبەر ئەم هۆیە لە هەر هەنگاوێکی ئامادەی سەرنزمکردنەوە بوو، هەروەکو چۆن حوشتر لە کاتی رۆیشتنیدا بەردەوام سەری بەرز و نزم دەکاتەوە، ناویان لێ نابوو «ئەو بەڕێزەی بەردەوام سەری دەجولێنێتەوە».

بالآبەرز و پشت پان دەڵێی دوو لای دەرگەیە، شێوەی دەرەوە و تەندروستی باشن، لە شێکی پتەو و ساغ، پێش چەند رۆژ لەسەر شۆستەی بەندەر چاوەڕێی پاپۆڕم دەکرد، لە شوێنی وەرگرتنی پسوولەی فەرمانبەران «تەختەی بەڕێز»م بینی.

بێ جوولە هەردوو دەستی خستبووە سەر پەرژینە ئاسنییەکە، لێی نزیک بوومەوە تاوەکو بزانم خۆیەتی... چاک لێی وردبوومەوە، بەڵێ هەوە... بەڵام رەنگ زەرد... دەڵێی خەریکە بکەوێتە سەر زەوی.

ـ بەڕێز ئەوە تۆی؟

وەکو نەخۆشیی دڵی هەبێت، گوێم لە ناڵەناڵی بوو، باڵم گرت و سواری تاکسی بووین و بۆ نووسینگە رۆیشتین، لەسەر هەر پلەی قاڵدرمە پشوویەکی دەدا و دەستی دەخستە سەر ئەژنۆکانی، بەرامبەر یەکتر دانیشتین، گوتم:

ـ قاوە دەخۆیتەوە... وا نییە؟

ـ نەخێر چای بەیبوون!

بەکۆکینی پچڕ پچڕ، دەیگوت تەمەنی لە سەرەوەی حەفتا ساڵە.

ـ بۆ وات لێ هاتووە؟

ـ پرسیارم لێ مەکە... لە دەستمان چوو... کۆتاییمان پێ هات... پیر بووین!

بەبزەخەنەیەکی ناسروشتی پرسیارم لێی کرد:

ـ کەی؟

ـ هەر ئێستا... لەسەر ئەم کەشتییە هەستم کرد پیرم!

بەهۆی کۆکین کەمێک دەوەستا و ئینجا گوتی:

ـ ئەمڕۆ هەستم بەخۆشی و شادی دەکرد، پایزم خوش دەوێ، ئەم بەیانییە درەنگ لە خەو هەڵسام، هەر لە نێو جێگە ڕۆژنامەی ئەمڕۆم خوێندەوە، دواتر لە نێو بانیۆی حەمام خۆم شووشت، فراڤینم خوارد و هاتمە دەرەوە، گەنجی و چالاکیی پێمەوە دیاربوو، دەڵێی یەکێک تۆز و خۆڵی ئاڵتوونی بە ئاسماندا بڵاو کردووەتەوە... دار چنارەکان وەکو زێڕ... گەڵای زەرد دانەدانە دەکەوتنە سەر زەوی، ناتوانم وەسفی شادیی ئەو کاتەت بۆ بکەم! زۆر بە کامەرانییەوە لە شوێنی پلە نایاب سواری کەشتی بووم.

دوو کچی گەنج و جوان بەرامبەرم دانیشتن... گوێم لە قسە و پێکەنینیان دەبوو، یەکێکیان گەنمڕەنگ، ئەویتر سپی، ناسک و خوێنشیرین، لووتیان زۆر جوان بوو، لە کاتی ئاخاوتن وەکو باڵی پەپوولە دەلەرینەوە!

هەرچەندە ئەو ڕۆژە لە بەیانییەوە دڵم زۆر خۆش بوو، کاتێک ئەو دوو کچەم بینی دوو ئەوەندە دڵخۆشتر بووم، هەستم دەکرد تەمەنم هەژدە ساڵە... دنیا چەند جوان و ڕۆشنە... لە نزیکمەوە گەنجی تەمەن (٢٠ ـ ٣٠) ساڵی دانیشتبوون، لە من بەتەمەنتر دیار بوون... ماندوو... بێهێز، لە دڵی خۆمدا گوتم « ئەوانە چین، دەتوانم هاوشێوەی ئەوانە لە گیرفانم دەربهێنم» چاوەکانم خستبووە سەریان، بەتەماشای قاچی کچە گەنمڕەنگەکە، بەرە بەرە ئارەزووم دەجووڵا، کچە سپی پێستەکە جگەرەیەکی لە جانتاکەی دەرهێنا و خستییە نێوان لێوەکانی، جگەرەیەکی دا بە هاوڕێیەکەی، بە دوای شقاتە گەڕان نەیاندۆزییەوە، بڕیارم دا بە چەرخەکەم بۆیان دابگیرسێنم، ئەو کاتە دەتوانم قسەیان لەگەڵ بکەم! ... نەخێر.... نا... نابێت... ئەو ئازایەتییەم نییە. لە بەردەمیان خزمەتکار تێ پەڕی، بانگیان کرد:

ـ ئەرک نەبێت، دوو کوپ "چایە" مان بۆ بهێنە... شقاتەت لا هەیە؟

گوتی:

ـ هەر ئێستا شقاتە دەهێنم.

چەرخـەکـەم بۆ درێژ کردن، کـچـە گـەنمرەنگەکـە نەیهـێشت بـۆیان دابگیـرسـێنم، لێی وەرگرتم... ئای چەند کامەران و دڵخۆش بووم... ئەو بەختە چییە! ... ئەمڕۆ رۆژێکی چەند خۆشـە... هەرگیز لە ژیانمدا رۆژی وا خـۆشم نەبینیوە... لە خـۆشـیـیـان خـەریک بوو باڵ بگرم!

جگەرەی خـۆی و هاوڕێیـەکەی داگیـرسـاند... لە شـوێنی خـۆی هەڵسـا و چەرخـەکەی بۆ درێژ کردم و گوتی:

ـ سوپاس مامە!

"تەختـەی بەڕێز" دەسـتـەکانی خسـتـە سـەر مـێزەکە و بۆ کاتێکی زۆر سـەری خسـتـە نێوان دەستەکانی، پرسیارم لێ کرد:

ـ دواتر؟

بە سـەرسوڕمانەوە تەماشای کردم و گوتی:

ـ دواتری چی؟... گوتی «سوپاس مامە!»

ئارەقە لە روخساری دەهاتە خوارەوە، گوتم:

ـ باشە... دوای ئەمە چی رووی دا؟

ـ لەمە زیاتر دەتەوێ چی روو بدا... گوتی «سوپاس مامە!»

مـسـتێکی لە مـێزەکە دا و سـەری خسـتـە نێـو دەسـتـەکـانی... بـە روخـسـارێکی خـەمگین رۆیشت... تەماشام کرد... پشتی چەماوەتەوە... بە ئەستەم بە رێگەدا دەرۆیشت.

دوای (یەک ـ دوو) هەفتە، بیستم "تەختەدار"ە بەرێزەکە ئیفلیج بووە.

خـانمـە بەرێزەکـان... خـاتوونە گـەنج و زۆر بـەڕێزەکـان... ئـافـرەتـە جـوان و زۆر زۆر بەڕێزەکان... تکاتان لێ دەکەم ئاگەداربن، لەوانەیە چـەند وشـەیەکی نێوان لێوەکانی ئێوە، بەهێـزترین پیـاو بخـاتە سـەر زەوی، وەک چۆن هەورەتریشـقـە و برووسکە لە لقی دارێکی وشک بدات.

سەرچاوە:

المجنون بمائة ليرة دمشق ـ ٢٠٠٧ ترجمة عبدالوهاب مدني.